


# تەلەفۆنەکەم بە هانامەوە دێ !!

هەژین چاوشین بەشی یەکەم

هەرگیز لەو باوەڕەدانەبووم کە ڕۆژێک لەسەر قسەی خۆشەویستەکەم ڕاپێچی زیندان بکرێم! ئاخر ئێمە بەخۆشەویستی ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنابوو، ئاسوودە و دوور لە ناخۆشی دەژیانن.

ئەگەر سەختی ڕەوشی سیاسی کوردستان نەبووایە هەرگیز بیرم لە هەندەران نەدەکردەوە، تەنانەت هاوسەرەکەشم هێندە کەیفی بە ئەوروپا نەدەهات. زۆر جاران دەیگوت:" ژیانی ئەوروپا فلسێک ناهێنێ! مرۆڤ چۆن دەتوانێ دوور لە خۆشەویستانی بژیت، ئەگەر ڕۆژێک سەردانی دایکم نەکەم، ئەگەر خوشک و براکانم نەبینم ژیان تامی نابێ، بەوهۆیەوە هەرگیز بیر لە ئەوروپا ناکەمەوە!" کاتێکیش بە ناچارییەوە بەرەو هەندەران ڕۆیشتین ئاوڕمان لەو بۆچوونانە نەدایەوە.

ڕۆژێکی پاییز بەرەو ئێران ڕۆیشتین، پێشتر بەهۆی قاچاخچیانی ناو بازاڕی جەوازەکە کارەکانمان ئەنجام درابوون. سەرەتا لە کەرج و دواتریش لە تاران نزیکەی ٢٠ ڕۆژ ماینەوە، گرفتی مۆڵەتی دەرچوونمان هەبوو، چونکە پێشتر ناومان لە لیستی مەمنوع خروج ریز کرابوو، دوایی هەرچۆنێ بوو کارەکانمان ڕایی بوون و بەرەو ئەوروپا بەڕێ کەوتین. چارەنووس فڕێیدایـنە سوید. سوید وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپایە، ڕێزی پەنابەران دەگرن، خزمەتگوزاری لەرادەبەدەری هەیە، زۆر جاران بە گاڵتەوە دەڵێن سوید وڵاتی ژنانە، واتە ژن لەو وڵاتە هەمە کارەیە. ڕاستیەکەی سوید یاساو ڕێسایێکی مۆدرێن و پێشکەوتووی هەیە، بەڵام لەوانەیە تێگەیشتن لەو یاسایانە کارێکی ئاسان نەبێ، چونکە کێشەی خێزانەکانی ئاسیایی بە تایبەتیش کوردو فارس و عەرەب سنوورەکانی چاوەڕوانی بەزاندووە. ئەمەش سەرچاوەی لە تێنەگەیشتنی یاساکانەوە گرتووە، زۆرێک لە پیاوان گلەییان لە یاساکانی سوید دەکرد و بە لایەنگری ژنانیان دادەنا، بەڵام من پێموابوو ئەمە درۆیێکی شاخدارە، چۆن لە وڵاتێکی وەکو سوید جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا دەکرێ. واتە ژن سەردەست و پیاویش کۆیلە و ستەملێکراو!

من پێموابوو ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی ئەو کێشانەن کە خێزانە ئاسیاییەکان پێیەوە گیرۆدە دەبن، بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدانەبووم کە ژنان فێڵ لەو وڵاتە بکەن و بەرانبەرەکەی خۆیان گرفتار بکەن. زۆر جارانیش هەوڵی ئاشتبوونەوەی نێوان ژن و پیاوە بەشەڕ هاتووەکانم دابوو، زۆر جارانیش گلەییم لە پیاوان کردبوو کە لە غوربەت و هەندەراندا ژنەکانیان بەرەڵڵای نێو کۆمەڵگەیەکی نامۆ، دابوبەرێتێکی جیاواز دەکەن و دووچاری کێشەو دەردەسەرییان دەکەنەوە، کەچی کاتێک خۆم لێمقەوما، سەرم سووڕما.

چەند ساڵێک بوو بە بێ گرفت لە سوید دەژیاین، هەمیشە ناوبژیوانی خەڵکانی بەشەڕهاتوومان دەکرد، هەوڵمان دەدا منداڵان لە سۆزو دلۆڤانی دایک و باوکانیان بێبەش نەبن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ منداڵان لەتەک دایک و باوکانیان بژین. کاتێک ژن و پیاو لەیەکتر دادەبڕێن باری سەختی ژیان ڕوو لە منداڵەکانیان دەکات. ژنان و پیاوان دەتوانن کەسێکی باشتر یان کەم تەمەنتر بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی و ململانێی نێوان دایکان و باوکان ، منداڵەکان بە خامۆشی دەسپێردرێن، ئەوان ژیانیان لێدەکەوێ، داماوو بەدبەخت دەبن، دایکان و باوکانیش کاتێک بەهۆش خۆیان دێنەوە کە ئیدی کار لە کار ترازاوە، خەم لە دڵی منداڵەکانیان هێلانەی کردووە، کەسایەتی لاوازیان بارهاتووە، بە نەخۆشی و کوڵێ گرفتەوە بەرەو دۆزەخێکی نادیار ڕۆیشتوون.

من نەمدەزانی ئەو فیلمە نەویستراوە لەنێو کانوونی بنەماڵەی ئێمەشدا دووپات دەبێتەوە. ڕۆژێکیان لەسەر تەلەفۆنێکی ناوەخت دمکە دمک لەنێوانمان پەیدا بوو، بەڵام خانم کەسەکەی جاران نەبوو، شێوەو ئادگاری کەسێکی دڕندەی وەرگرتبوو، ئەوەی هاتە سەر زمانی نەیگێڕایەوە، ئەوەی کەوتە بەردەستی ڕایوەشاند، قسەی دەیان ساڵی هەڵڕشت، ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کە هەموو خێزانەکان شانسی ناخۆشی و بەربەرەکانێیان هەیە، نازاندرێ کەی دێ و چۆن تەواو دەبێ، بەڵام ئەوەی بیرم لێنەکردبۆوە واهاتەوە.

من هەستم کرد هاوسەرەکەم نەخۆشە، بۆیە باگۆم نەدایەوە، بەڵام کاتێ ناوی پۆلیسی هێناو ڕاشکاوانە پێیگوتم کە بە گرتنم دەدات، گاڵتەم بە قسەکانی هات، ئەو ژنێک بوو ڕقی لەو ژنانە دەبۆوە کە کێشەو ناکۆکیەکانی خۆیان دەگەیاندە پۆلیس. ئەو تێکەڵاوی ئەو ژنانەی نەدەکرد کە فرت و فێڵ دەکەن و ناپاکی لە پیاوەکانیان دەکەن، ڕقیشی لەو پیاوانە دەبۆوە کە ناپاکیان لە ژنەکانیان دەکرد. نەیدەهێشت منیش سڵاوی ئەو کەسانە بکەم، ئەو پێیوابوو تێکەڵاویکردن لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانە ئاوووچوونی بەدواوەیە، بەڵام کاتێک بۆخۆی هەڕەشەی پۆلیس و گەورەکردنەوەی کێشەکەی دووپات کردەوە، دڵم داخوڕپا، خۆم لە دوو ڕیانێک دۆزیەوە، بە ناچارییەوە دەستم بۆ تەلەفۆنەکەم برد، کامێراکەم داگیرساند، وێنەی ئەوم گرت کە جنێو دەدات و هەڕەشەی بۆلیس و زیندانم لێدەکات. ئەو وێنانەم گرت کە ئەو دادەڕساو هەوڵی دەدا لێمبدات. ئەو ڕاشکاوانە دەیگوت هەم لێت دەدەم، هەمیش بە گرتنت دەدەم. منیش بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە پێمدەگوت:" ئەگەر پۆلیس لەسەر قسەی تۆ دەمگرێ و زیندانیم دەکات، لاریم نیە، بەڵام باوەڕ ناکەم لەسەر قسەی درۆیین کەسێک ڕاپێچی زیندان بکرێ!!

ئەو لەسەر ئەوە موکڕ بوو کە دەتوانێ بە گرتنم بدات. من نەمدەزانی چۆن چۆنی دەمداتە دەست پۆلیس، نەمدەزانی چۆن پۆلیس بە دەنگ درۆوە دێن و هاوکاری درۆزنان دەکەن! ئاخر من نەک ئازاری ئەوم نەدابوو، بەڵکو بە هێمنی دەمگوت: چۆن بە گرتنم دەدەی، من لێت نادەم، خۆ پۆلیس لە خۆڕاوە دەردەسەریم بۆ دروست ناکات.

ئەو گەرم داهاتبوو، تووڕەبوون چاوەکانی تاریک داهێنابوو، باکی بە منداڵەکانی نەبوو، جیابوونەوە ئاو خواردنەوەبوو، ئەو دەیگوت: " من بوومەتە سویدی و دەمەوێ وەکو سویدیش بژیم" ئەو مەبەستی ئەوەبوو کە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی تێکەڵاوی پیاوانی دیکە بکات، منداڵەکانی فلیک ڤێن( کچی برادەر) و پۆیک ڤێن (کوڕی برادەر)یان هەبێ، بەڵام بیرم لە خۆی نەکردبۆوە. ئەو هەڕەشەکانی خۆی درێژە پێدەدا، منیش فیلمم لێهەڵدەگرتەوە، ئەو بە فیلم هەڵگرتنەوەکە نیگەران و پەست تر دەبوو، دەیقیژاندو زیاتر سووکایەتی دەکرد.

ئەو هەوڵی دەدا تەلەفۆنەکەم لەدەست دەربێنێ و بیشکێنێ، من بەرگریم دەکرد، چونکە فیلم باشترین شاهیدە و دەتوانێ کۆمەک بکات. سەرەنجام ئەوەی نەدەبووایە ببێ، ڕوویدا، خانم پڕ بەدەنگی قیژاندی و هاواری کرد، هانای بۆ خەڵک برد کە بێن و ڕزگاری بکەن، ئەو دەیگوت" بمگەنێ و پیاوەکەم دەمکوژێ!!

ئیدی هەمووی چەند چرکەیەکی نەبرد، ئەوانەی لە ئەپارتمان دابوون ڕژانە سەرمان، هەبوو دەیویست ببینێ چۆن پێی دەکەوێ، هەبوو دەیویست بزانێ کام شوێنی شکاوە، هەشبوو تەلەفۆنەکەی دەرهێنابوو، پۆلیسی ئاگادار دەکردەوە.

تا دەهات قەرەباڵغ تر دەبوو، من ئارام ڕاوەستابووم و وێنەی خەڵکەکەم دەگرت، خانمیش خۆی بووراندبۆوە، لەسەر زەوی ڕاکشابوو، من دەمویست تێیان بگەیەنم کە نەخۆشی دەروونی هەیە بۆیە هاوار دەکات، بەڵام هێشتا نەمتوانی بوو باوەڕ بەکەسیان بهێنم کە پۆلیس گەیشتە جێ. سێ پۆلیسی باڵابەرزو مەچەک ئەستوور هاتنە لامان، یەکێکیان چوو بۆ لای خانم و ئیفادەی وەرگرت، یەکێکیشیان لەلای من ڕاوەستاو پرسیاری لێکردم. ئەوەی دیکەیان یەک یەک خەڵکەکەی بانگ دەکرد و پرسیاری لێدەکردن. هەر سێکیان دەست بەکاربوون و ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکرد!!

ئەو دیمەنە زۆری نەکێشا، پۆلیسەکان نەیانهێشت من درێژە بە قسەکانی خۆم بدەم، منیان ڕاپێچ کردو ناچاریان کردم کە لەگەڵیان بڕۆم، یەکێکیان هەڕەشەی کردو پێیگوتم:" ئەگەر بۆخۆت ڕەگەڵمان نەکەویت، ناچار دەبین کەلەپچەت لە دەست بکەین"

منداڵەکان دەگریان و دەنوزانەوە، ئەوان حەزیان نەدەکرد من بۆ بنکەی پۆلیس ببەن.



# کێشەی ژنان و، ڕێکخراوەکانی پاشکۆی پیاوسالاری!

تاقگە سابیر- سوید

هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان، ڕێکخراوێکی پاشکۆی بێدەسەڵات و لاوازی ژنانیان دروستکردووە، وەک باقی ڕێکخراوەکانی تریان تەنیا و تەنیا بۆ بەرژەوەندی حزب کار دەکەن .....لێرەدا کێشە لەوە نیە حزبێک بۆ خۆی بە چ شێوەیەک کار ئەکا بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری خۆی ، بۆ ئەوەی ئەم هێزە جەماوەرییە لە هەڵبژاردنەکان و بۆ بە دەست هێنانی چەند کورسییەک بە کار بێنێ ، بەڵام لێرەدا بە مەرجێک ئەو ڕێکخراوەی کە بۆ ژن دروستیان کردووە نەبێتەمایەی شێواندنی کێشەی ژن بە شێوە گشتیەکەی ...هەمووومان دەزانین کێشەی ژن زۆر جیاوازە لە کێشەی ڕێکخراوەکانی تری پیشەیی یان دیموکراتی یان وەک دەڵێن ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە شێوەیەکی گشتی ، ژونکە کێشەی ژن کێشەی نیوەی کۆمەڵگایە ئەگەر زیاتریش نەبێ ، جگە لەمەش ڕێکخراو یان سەندیکاکانی وەک کرێکاران یان جووتیاران یان ئەندازیاران ئەم ڕێکخراوانە کار ئەکەن بۆ پاراستن یان داواکاری مافە پیشەییەکانیان لە حکومەت و دەسەڵات وەکو داواکردنی دەرماڵە یان زەوی یان ......هتد بەڵام کێشەی ژن زۆر لەم کێشانە گەورەترە، کێشەی ژن بەر لەوەی وەک کێشەی چینێک یان توێژێک بێت ئەوا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی فکری ئایدیۆژی یە ، کێشەی ژن هەر بە خودی ژنەوە پەیوەست نیە بەڵکو کێشەی هەموو کۆمەڵگەیە ، لە زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیاش کە ئێستا لە قۆناغێکدان یەکسانیەکی تەواو هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەز ئەوا بە ئەم قۆناغە مێژوویەیان تێپەڕاندووە کە ئێستا کۆمەڵگەی ئێمەی تیا ئەژی ..بۆیە من وا هەست ئەکەم (لە گەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو کادیر و هەموو ئەو ژنانەی لەم ڕێکخراوانەی پاشکۆی حزبەکاندا کار ئەکەن) ئەم ڕێکخراوانە بوونەتە مایەی زیان گەیاندن بە خودی کێشەکە بە گشتی و بچوککردنەوەی کێشەکە ، چونکە ئەم ڕێکخراوانە پاشکۆی حزبن کە حزب پیاو بەڕێوەی دەبا ، کە حزب و سەرکردایەتیکەشی بە فکری دواکەوتووانەی پیاوسالاری مامەڵە دەکەن . جا ڕێکخراوێک خۆی بە ناوی ڕێکخراوی داکۆکیکار لە کێشەی ژنان ناساندبێ، کەچی ڕێکخراوەکە خۆی هێشتا دیلی پیاوسالاری حزبی و پیاوسالاری سیاسی بێت چۆن ئەتوانێ شتێک بۆژنان بکا ، ڕێکخراوێک خۆی لە چوارچێوەیەکی بچوک و بێ دەسەڵات، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی پیاوسالاری حزب دابێت چی ئەکا بۆ ئەم کێشە گەورە و مێژوویەی ژن ؟!

ئەمە بۆچوونێکی تایبەتی خۆمە هیواخوازم وەک بۆچوونێکی تایبەتی خۆم وەربگیرێت ، من پێم وایە ئەم هەڵسوڕاوانەی کەلەم بوارەدا و لەم ڕێکخراوانەدا کار ئەکەن باشترە بە ناوی ژنەوە بۆ حزبەکانیان حزبایەتی و سیاسەت بکەن هەم بۆ حزبەکانیان باشترە هەم بۆ خودی خۆشیان و کێشەی ژنیش باشترە کە ژنێک لە ڕێگەی حزبایەتی و سیاسەتکردن دەسەڵاتێکی سیاسی وەربگرێت ، نەک لە ناو ئەم جۆرە ڕێکخراوانەی کە خزمەتی پیاوسالاری دەکەن بتوێنەوەو ، تواناکانیشیان بشاردرێتەوە . نموونەی ژنیشمان هەیە کە بەبێ ئەم ڕێکخراوانەی ژنان گەیشتوونەتە دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیشیان لە حکومەت وەرگرتووە ، مەبەست لێرەدا ئەوەیە مەسە وکێشەی ژن بە گشتی کێشەی هەموو کۆمەڵگەیە و بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سیاسی نەبێ چارەسەرناکرێ . ڕێکخراوەکانی پاشکۆی حزبەکانیش زیانیان زیاترە لە قازانج بۆکێشەکانی ژنان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ**

تێبینی: لەوانەیە خوشکە تاقگە ئاشنایەتی بە بۆچوونی حزبی ڕزگاریی کوردستان نەبێ، دەنا لەوەتەی حزبی ڕزگاریی لە ١٥-٨-١٩٩٣ەوە ڕاگەیەندراوە ، پێکهێنانی ڕێکخراوی ژنان و خوێندکاران و مامۆستایان و ئەوانی دیکەی ڕەت کردۆتەوە، پێیوابووە کە ئەمانە پاشکۆن. ڕایگەیاندووە کە باشترین چارەسەریش بۆ ژنان ئەوەیە کە بگەنە ناوەندی بڕیاردەر لە حزب و لە پەرلەمان. ڕزگاری پێیوابووە کە دەبێ ژنان خەبات و تێکۆشانی خۆیان چڕ بکەنەوەو ڕێگە بە پیاوان نەدەن نوێنەرایەتی ئەوان بگەن، چونکە خۆیان باشتر لە کێشەکانی خۆیان دەگەن.

بۆ ئەم مەسەلەیە دەتوانرێ سەیری ڕامانی ڕزگاری بکرێ کە لەسەر ماڵپەڕی ڕزگاریشدا بڵاوکراوەتەوە.

# ٤٠٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ دژایەتی ئایدز

سەرۆکی مۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا جەختی کردووە کە یەکێتی ئەوروپا بە نیگەرانیەوە لە نەخۆشیە کوشندەکانی وەکو ئایدز، سیل و مەلاریا دەڕوانێ، بەوهۆیەوە بڕیاری داوە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧دا بۆ پاڵپشتی تیپە نێودەوڵەتیەکان لە بواری بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ئایدز، سیل و مەلاریا تەرخان بکات، ئەمە جگە لەو ٣٠٠ ملیۆن یۆرۆیەی دیکە کە وەک زیادە بۆ سەر ئەو گوژمەیە تەرخان دەکرێ، تا لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا بۆ ئەم مەبەستە دەکار بهێنرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا ئاشکرای کرد کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بۆ هەمان مەبەست ٥٢٢ ملیۆن یۆرۆی بە سەندوقی نەختی نێودەوڵەتی بەخشیوە.

ئەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو لەبەرانبەریدا هەراسان و نیگەران بوونە نەخۆشی ئایدز و ئیبۆلاو سیل و مەلاریایە، هەرچەندە سیل و مەلاریا بەدەگمەن لە وڵاتانی پێشکەوتوو بوونیان هەیە، بەڵام نەخۆشی ئایدز و ئیبۆلا کە دوو نەخۆشی کوشندەن و هەڕەشەی ڕاشکاوانە لە مرۆڤایەتی دەکەن، ڕۆژ دوای ڕۆژ مەترسیدارتر دەبن. هەڵبەت ئەم نەخۆشیانەش سەرچاوەیان لە سێکسکردنی بێبەندوبار گرتووە. زانایان و پزیشکان ڕێنوێنی مرۆڤ دەکەن کە نەکەونە داوی لەشفرۆشانەوە، کەچی دیاردەکە ڕۆژ دوای ڕۆژ زەقتر دەبێتەوە. ئایدز ئەگەر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمیش بێ، بەڵام دیسانیشەوە هەڕەشەیەکی ئاشکرایە، مخابن تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش وەزارەتی تەندروستی هەنگاوی خۆپارێزخی پێویستی لەهەمبەر ئەم نەخۆشیانە هەڵنەگرتۆتەوە. ئێستا سەدان بیانی، بێ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکرێ ڕوو لە کوردستان دەکەن، لە هۆتێل و میوانخانەکاندا دەمێننەوە. تێکەڵاوی خەڵک دەکەن، هەندێکیان زۆر ڕاشکاوانە بە دوای سێکس فرۆشتن یان سێکس کڕین دا دەگەڕێن. لەلایەکی دیکەشەوە باندەکانی لەشفرۆشان بە لێشاو ڕوو لەکوردستان دەکەن، ئەمەش هەڕەشەیەکی داکراوو شاراوەیە، داهاتوو زیانەکانی بەرچاو دەکات، بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە حکومەتی هەرێم بودجەیەک بۆ ڕێگرتن لە هاتنی نەخۆشیەکانی ئایدز و ئیبۆلا بگرێ، چونکە ئامارەکان دەرکەوتنی ڕادەگەیەنن.